# ڕێبەری داینگەکان

## بۆ داینگە حکومی و تایبەتەکان

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی _ هەرێمی کوردستان

دانەی یەکەم

٢٠٢٤

## ناوەروک


| بابەت | لاپەڕ |
|---|---|
| ناوەروک | ٢ |
| پێشەکی | ٣ - ٥ |
| ئارمانج | ٦ |
| بەندی یەکەم | ١٠-٧ |
| چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کاری داینگەکان | ٨-٧ |
| ڕێنمایی خانووەکانی داینگەکان لە هەرێمی کوردستان – عیراق | ٩-٨ |
| ڕێنمایەکانی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٢) | ١٠ |
| بەندی دوویەم | ٤٦-١١ |
| چوارچێوەی کارگێری بۆ ڕێکخستنی کاری بەشی داینگەکان ، وە هوبەکانی سەر بە بەشی داینگەکان | ١١ |
| بەشی داینگەکان | ١٢-١١ |
| سەرۆکی بەشی داینگەکان : | ١٧-١٢ |
| بەرپرسی هۆبەی پێدانی مووڵەت | ٢١-١٨ |
| بەرپرسی هۆبەی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن | ٢٤-٢١ |
| ماڵی داینگە | ٢٩-٢٥ |
| بەڵێننامە بۆ خاوەن داینگەکانی تایبەت | ٣٠ |
| مــــەرجەکانی کردنەوەی داینگە | ٣٣-٣١ |
| ڕێکارەکانی وەرگرتن و دانی منداڵان | ٣٥-٣٤ |
| ماف و ئەرکەکانی دایك و منداڵان : | ٣٦-٣٥ |
| بادەکی منداڵ لە داینگە | ٣٨-٣٦ |
| فورمی وەرگرتن و زانیاری دەربارەی منداڵ | ٤٢-٣٩ |
| ئەو ڕاپورتانەی ڕەوانەی خێزان دەکات دەربارەی پروگرامی ڕۆژانەی منداڵ | ٤٦-٤٣ |
| بەندی سێیەم | ٦٠-٤٧ |
| چوارچێوەی پروگرامی هونەری لەگەڵ منداڵ لە داینگە | ٤٨-٤٧ |
| پوختەی پروگرامی داینگە بە گوێرەی تەمەنی منداڵ | ٦٠-٤٦ |
| تەمەنی دوو مانگی تا یەك ساڵی | ٥١-٤٨ |
| تەمەنی یەك ساڵی تا دوو ساڵی | ٥٥-٥١ |
| تەمەنی دوو ساڵی بۆ سێ ساڵی | ٥٨-٥٥ |
| تەمەنی سێ ساڵی بو چوار ساڵی | ٦٠-٥٨ |

# پێشەکی

وەزارەتی کاروبـاری کومەلایـەتی لـە رێگـەی بەرێوەبەریـەکانی گشـتی چـاودێری و گەشەپێدانی کومەلایەتیەوە ، بەشی سەرپەرشتی داینگەکان ، دامەزراندن بۆ باشترکردن و رێکخستی کاری داینگەکانی حکومی و نەحکومی ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەلـە رێـنمای لەسەر بنەمای سیستەمێکی گونجا و گشتگیر دەرکراون.

زۆربەی ئەو رێنمایانەی کە رێکخسـتن بـۆ کـراوە ، زیـاتر لایـەنی کـارگێرین ، رێکخسـتنی چوارچێـوەی کـاری دەسـتەکی نـاو داینگـەکان دەکـات ، هـەروەها رەفتـار و سـەرەدەری پەیوەندیـەکانی کـارگێری لـەنێوان کـارگێری داینگـە لەگـەل ( دایـك و باوکـەکان ) ، هاوشێوەی رێکخستنی کارگێری لە نێوان بەشی داینگە و کارگێری داینگەکان دەکات.

بەلام سەرەدەری دەستەی داینگەکان لەگەل مندال و چونیەتی پەرەپێدانی پرۆگرامی تەکنیکی لەناو داینگەکان وەك ئامرازێك بۆ پێرابوونەکانی دەستەکی ( چاودێر و ئەوانیتر ) لەگەل مندالان دیار نەکراون ، کە باشترین شێوەی پەروەردەکردنی مندال لەم کاتـە دا کـە بووە جێگای مەترسی تووشبوونی چەندین نەخۆشی و ئالۆزیەکانی کومەلایەتی لەسەر کەسایەتی مندال وەك :

١- لە سەرانسەری کومەلگای جیهانی ، چاودێری و پەروەردەکردنی مندالان لە تەمەنی داینگـە دا بـە زمـانی دایکـە و کـەلتوری نیشـتیمانی یـە ، پێویسـتە لـە هـەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە بێـت ( لاوازیـەکی گـەورە کـەوتووە لـەم ئارمانجە لـە داینگە لەناو سیستەمی داینگە لە هەرێم دا ).

٢- جیابوونـەوەی منـدال لـە دایـك و بـاوك لـەو تەمەنـەی لـە داینگـە وەردەگرێـت ، کاریگەریەکی گەورەی دەروونی لە کەسایەتی مندال دەکات ، هەست بە نەئارامی و

ترس دەکات ، لەوانەیە بگاتە ترومایێ ( پێویستە کارمەندەکانی داینگە بزانن چون سەرەدەری لەگەل دەکەن ؟ ).

-٣ نەبوونی شارەزایی کارمەندەکانی داینگە بە شێوازەکانی سەرەدەریکردن لەگەل مندالانی لە تەمەنی داینگە دا ، کە زۆر پێویستە شارەزایی هەبێت لەو رێگە سەردەمیانە کە لە بواری رەفتارکردن و فێرکردنی مندال دا بەکاردەهێنن : ( سەرەدەریەکی دوور لە ترس و نەئارامی و توند و تیژی ، مندال هەست بە کەسایەتی خوی بکات ، بەهێزکردنی پەیوەندیە کومەلایەتیەکانی مندال ، ئەمەش هەموو بە رێگەی دووبارەکردنی رەفتارەکان ، بەکارئینانی هەستەکانی خوی بەرێگەی یاری ( هزری و بیرکردنەوە ) ، هەروەسا چیروك ، شانوگەری ، گورانی و شێوەکاری و چالاکیەکانی کاری دەستی و فێرکردن بە رێگەی ئەو ماددەی لە بەردەست هەیە نەك بە ئاخاوتن بێت) .

لەبەر ئەم هۆکارانە بیر لە دروستکردنی ئەم رێبەریە کراوە ، بو زانین بیروکەی ئەم پروگرامە لە پروگرامی یان فەلسەفەی مونتیسوری وەرگرتووە ، بۆ ئەوەی لە ئاوەدانکرن و فێرکردنی کەسایەتی مندال دا بەرکاربهێنرێت ، کە ئەو ستوونە سەرەکیانەی فەلسەفەی مونتیسوری لەسەر چووە و پەیرەو کراوە ئەمانەن :

- ستوونی ژیانی رۆژانە (کرداری) ، ستوونی ژیانی هەستەکان ، ستوونی ژیانی فێربوون ، ستوونی ژیانی شارەزایی رەوشەنبیری.

ئەمە هاوکاری خێزانی مندال دەکات بۆ ئاوەدانکردنی کەسانی هوشیار و تێگەیشتوو ، وە کەسانی دلسۆز و خویشەویستی بۆ وەلات و خێزان هەبێت ، هەروەها پالپشتی مندال دەکات بۆ داهێنان و فێربوونی رێگە نوێیەکان کە مێشکی مندال کراوەتر و پێشکەوتووتر دەکات.

لەلایــەن حکومەتیشــەوە بەدەســتهێنانی تــەخ و تــوێژیکی نــوی مندالــەکانی پێگەیشتوو ، وە لە ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوە دا ، هەروەسـا چونیـەتی کـارکردن بـۆ بەرێوەبردنی وەلاتی خوی.

# ئارمانج

ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پروگرامەکانی پەیوەندی بە چاودێری و ئامادەکردنی منداڵان هەیە ، وە باشتر چاودێری و فێرکردنی سەرەتایی بۆ منداڵان لە تەمەنی پێش چوونەوە بۆ قوتابخانە وە ئامادەکردنی ژینگەیەکی ئارام و پشتەوانی بو مندالەکانی لە تەمەنی بچووك دا ، چونکی مندال دەتوانن فێر ببن و گەشە بکەن وە بەشێوەیەکی تەندروست پێشکەوتن بەخویەوە ببینن.

## بەندی یەکەم

## چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کاری داینگەکان

بــەپێی سیســتەم و ڕێنمایــەکانی بــەڕێوەبردنی داینگــە کــە لــە لایــەن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی پەسەند کراوە ، سیستەمی داینگەکانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠١٣

١. مــاددەی ســێیەم و مــاددەی چــوارەم / تێــدا هــاتووە چۆنیــەتی پێرابونــەکانی کردنەوەی داینگە لە هەرێم ، وە سەرەتاییەکانی کــارگێری کــە بــۆ پێــدانی مۆڵــەت پێویستە هەبێت ، وە ئەو پارەی دیــار کــراوە ، هــەروەها دروســتکردنی لیژنەیــەك بــۆ بەڕێوەبردنی کار .

٢. ماددەی پێنجەم / مەرجەکانی ئەو خانوویەی کە داینگە تێدا دەکرێتەوە ، بە تێر و تەسەلی کە دەبێت چی شتێك تێدا هەبێت؟.

٣. ماددەی شەشەم / چۆنیەتی لادانی یان کێشانەوەی مۆلەت لە داینگە لە کاتی سەرپێچیەکانەوە.

٤. ماددەی حەوتەم/ میلاکی داینگە دەبێت لە چ دەستەیەك پێکبێت ،بەڕێوەبەری داینگە ، لێکۆلەری کۆمەلایەتی ، مامۆستا، دادوك ..

٥. ماددەی هەشــتەم ، مــاددەی نۆهــەم ، مــاددەی دەهــەم، مــاددەی یازدەهــەم/ مەرجەکانی وەرگرتنی منــدالان و کۆتــایی هێنــانی لــە داینگــە ، هــەروەها بــادەکی تایبــەت بــۆ هــەر منــداڵێك ، هەماهــەنگی لــە نێــوان وەزارەتی کــار و وەزارەتی تەندروستی بۆ سەردانی نۆژدارێکی مندالان یان نۆژدارێکی گشتی بۆ ئاگــاداری لــە

سەر تەندروستی و پاکی مندالان لە داینگـە ، دابینکـردنی کەرەسـتەکانی خـواردن بـە گوێرەی خشتەی خواردن لە داینگە حکومی و تایبەتەکان.

٦. ماددەی دوازدەهەم / ماددەی سێزدەهەم/ ماددەی چواردەهەم /ماددەی پانزدەهەم/ ماددەی شانزدەهەم / ماددەی هەڤدەهەم / ماددەی هەژدەهەم/ ماددەی نوزدەهەم / بەکورتی تێدا هاتووە : دیارکردنی کاتەکانی دەوام بو داینگە حکومی و تایبەتەکان ، نابێت گورینی ناو و شوێن یان گواستنەوەی مولکی داینگە بێ ئاگاداری جێگا پەیوەندیدارەکان بێت, پارەی مولەتەکانی داینگە بو گەنجینەی دەولەت بێ وە ئەو پارەی لە مندالانی داینگە حکومیەکان چون جودا دەکرێت بو خەرج کردن و بو گەنجینەی دەولەت ، خواردن بو دەستەی داینگە حکومی و تایبەتەکان ، پێگری گشت داینگەکان بو ئەم سیستەمە ، دەبێت وەزارەتی پەیوەندیدار رێنمایی نوێ دەربکات.

بـو بـەهێزکردنی سیسـتەمی نـاوبراو پالپشـتی بـە حـوکمی برگـەی (١) لـە مـاددەی هەڤدەهەم لە سیستەمی خانووی داینگە هی ژمارە (٧)لە سالی (٢٠١٣) ، دەرکردنی ئەم رێنمایانە . رێنمایەکانی ژمارە (١) لە سالی (٢٠١٥)

رێنمایی خانووەکانی داینگەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق :

١. ماددەی یەکەم / ماددەی دوویەم / ماددەی سێیەم / تێدا ئەم زاراوانە بەکارهاتوون کـە ئـەم رامانانـە هەلـدەگرن ، چونیـەتی وەرگرتنـی مووڵـەتی خانووەکـانی داینگـە، پێکهێنانی لیژنەیەك لە بەرێوەبەری گشتی چـاودێری و گەشـەپێدانی کومەلایـەتی لـە هەر پارێزگایەك .

٢. مـاددەی چـوارەم / مـاددەی پێنچـەم / مـاددەی شەشـەم / مەرجـەکانی شـوێنی نیشـتەجێبونی خـانووی داینگــە ، و مەرجــەکانی بینایــە و پێکهاتــەکانی بینایــە .. ، مەرجەکانی پاراستنی گشتی لە خانووەکانی داینگە هەبن : ئاو و کارەبا و غاز و ... هتد

٣. ماددەی حەوتەم / ماددەی هەشتەم / مـاددەی نوهـەم / دەبێـت گرێبەسـت لەگـەل پزیشکێك هەبێت لە داینگە وە سەردان .. ، چونیەتی سـەرەدەری لەگـەل منـدالی داینگـە لەلایەن دەستەکەوە ، ئەو بادەکانەی داینگەهـ پێویستی پێ هەیە .

٤. مـاددەی نوهــەم / مـاددەی یازدەهــەم / مـاددەی دوازدەهــەم / ئــەو راپــورت و زانیاریانـەی کـە پێویسـتە داینگـە بـدات بـە بەرێوەبـەری گشـتی ، مانگانـە یـان بـە پێـی پێویسـتی بێـت ، کـاری بـەشی داینگـە لـە بەرێوەبـەری گشـتی و کاروبـاری موولـەت وەرگرتنــەوە و گلــەیی و گازنــدە و وەرگرتنــی رێکارەکــانی پێویســت ، ئــەو کوژمــەی لــە مندالانی داینگەکانی حکومی و هی تایبەت وەردەگرێتەوە.

٥. ماددەی سێزدەهەم ، ماددەی چواردەهەم / لە کاتی کردنەوەی داینگەکانی حکومی و تایبەت وە وەرگرتن و دانی مندال بو دایك و باوك ، لە کاتی پێگیرنەبوونی خاوەنی داینگە بو سیستەمی داینگەکان ، پێرابوونی یاسایی لەگەل دەکرێت .

٦. ماددەی پازدەهەم / ماددەی شازدەهەم / ماددەی هەڤدەهەم / پێگری بـە یاسـای کار و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کومەلایەتی بو دەستەکی داینگەکانی ئـەهلی و تایبەت .

رێنمایەکانی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٢).

هەموارکردنی رێنمای تایبەت بە خانووەکانی داینگـەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان ـ لـە هەرێمی کوردستان / عیراق، ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥)

١. ماددەی یەکەم / هەموارکردنی ماددەی سێیەم / بە بڕیاری بەرێوەبـەری گشـتی لـە هەر پارێزگەیەك یان ئیدارەیەکی سەربەخو لیژنەیەك یان زیاتر پێکبهێنرێت .

٢. ماددەی دوویەم / زیادکردنی ماددەیەك لەسەر مـاددەی نوهـەم بـە ژمـارە (١٠) / کـە نابێـت هـەر ئـامێرێکی زیـرەك بـەکاربێت و گرینگیـدان بـە زمـانی کـوردی و زمـانی دایـك لەپێشینە دەبێت / ماموستای کوڕ دەتوانێت کار بکات لە داینگـە بـو وانـەکانی میوزیـك و هونەر و وەرزش .

٣. ماددەی سێیەم / زیادکردنی دوو برگـە لەسـەر ژمـارەی ( سـێ و چـوار ) بـو مـاددەی( دوازدەهەم )

٤. مـاددەی چـوارەم / هـەموارکردنی مـاددەی ( چواردەهـەم ) ە / ئەگـەر پێشـێلکردنی سیستەمی داینگەکان لە لایەن داینگە ئەهلییەکان بکرێت .

٥. ماددەی پێنجەم / زیادکردنی ماددەیەك لە دوای مـاددەی ( چواردەهـەم )/ لـە کـاتی گواستنەوەی خانووی داینگە یان خاوەن یان ناوی داینگە.

٦. ماددەی شەشەم / دەقی ئەم ماددەیە کە جێگەی ماددەی ( پانزدەهەم ) دەگرێتەوە .

٧. ماددەی حەوتەم / زیادکردنی ماددەیەك لـە دوای مـاددەی ( پانزدەهـەم ) / وەزارەت ساڵانە پلان دادەنێت بو کردنەوەی خولەکانی راهێنان بو دەستەی داینگەکان ، هـەروەها ساڵانە هەلسەنگاندن بو داینگەکان بکرێت لە لایەن دایك و باوك بە رێگەی فورمێکەوە.

٨. ماددەی هەشتەم / جێبەجێکردنی ئەم رێنمایانە هەر لە رێکەوتی دەرکەوتنی..

# بەندی دوویەم

## چوارچێوەی کارگێری  بۆ رێکخستنی کاری بەشی داینگەکان ، وە هوبەکانی سەر بە بەشی داینگەکان

هەیـکەلی کـارگێری ، لـە ٢٠٢٤ لـە هەرێمـی کوردسـتان رێکخسـتووە ، وەزارەتی کـار و کاروباری کوٶمەلایەتی ، بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کوٶمەلایەتی لە دهۆك.

بەشی داینگەکان :

| | |
|---|---|
| ئارمانجی گشتی | رێکخسـتن و جێبەجێکـردنی ئـامراز و بەرنامـەی پەیوەنديـدار بـە چـاودێری و ئامادەکردنی منـدالان و دابینکـردنی چـاودێری و پەروەردەی پێشـوەخت بـۆ مندالان هەر لە تەمەنی پێش قوتابخانـە و دابینکـردنی ژینگەيـەکی ئـارام و پشـتەوان بـۆ منـدالانی بچـووک کـە تێـدا منـدال دەتـوانن بـە شـێوەيەکی تەندروست و گشتگیر فێرببن و گەشە بکەن. |

| زنجیرە | ئەرک |
|---|---|
| ١ | پەرەپێـدان و جێبەجێکـردنی ئـامراز و رێکارەکـانی پەیوەنـدی بـە چـاودێریکردن و پاراستنی ئەو مندالانە هەیە کە لە خانووی چاودێری و داینگەکان دەژین، کە تێدا کار تێدا دەکرێت لە بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی ژینگەيـەکی ئـارام و گونجـاو   بـۆ گەشەکردن و تەندروستی و سەلامەتی مندالان . |
| ٢ | بــەهێزکردنی هەمــاهەنگی لــەگەڵ لايەنــەکانی پەیوەندیــداری تــر وەک ســازیەکانی پەروەردەیــی و نەخۆشــخانە و رێکخراوەکــانی نــاحکومی وە هەماهەنگی هەوڵەکانی هاوبەش بۆ بەدەستهێنانی چاودێرییەکی گشتگیر بۆ مندالان و دابینکردنی پشتەوانی  پێویست بۆ خێزانەکان. |

| | |
|---|---|
| ٣ | پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی چاککردن بۆ ئەو مندالانە کە پێویستی بە پاڵپشتی زیاتر هەیە ، جا چی ئەوانە بن کە تووشی کەم ئەندامی جەستەیی یان دەروونی یان کومەلایەتی دەبن، ئارمانج لەم بەرنامانە پەرەپێدانە بە وەراری مندال و فێربوونی ئەو کە بتوانێت بەشداریەکی کارا و کاریگەر لە کومەلگا دا هەبێت. |
| ٤ | پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پشتەوانی کومەلایەتی بۆ مندال و خێزانەکانیان لە داینگەکان . |
| ٥ | ڕێکخستنی کەمپینەکانی هۆشیاری و بەرنامەکانی رەوشەنبیریکردن دەربارەی مافەکانی مندال و گرنگی چاودێریکردنێکی باش بۆ مندالان. |
| ٦ | جەختکردن لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاریکردن دەربارەی کێشەکانی پەیوەست بە پاراستنی مندالان و ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنان و پشتگوێخستنیان. |
| ٧ | کۆکردنەوەی داتا و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و ئامارەکانی پەیوەندی بە داینگەکانی مندالان و کێشەکانیەوە هەیە . |
| ٨ | بەشداریکردن لە ئامادەکردنی پەیرەوی ناوخۆی هەتایبەت بە داینگەکان بە گوێرەی یاساکان. |

## سەرۆکی بەشی داینگەکان :

| پلەی فەرمانبەری بەپێی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی | بەشی داینگەکان |
|---|---|
| ناولێکردنی فەرمانبەری ( کاری ) | سەرۆکی بەشی داینگەکان |
| ناونیشانەکانی کاری داخوازکراوی بێکار بۆ پرکردنەوە | لێکولەری کومەلایەتی ، لێکولەری کومەلایەتی پێشکەوتوو ، ماموستای |

| | |
|---|---|
| | دووەم ، ماموستای یەکەم ، ماموستای پێشکەوتوو ، بسپۆری کارگێری |
| ژینگەی کار | نووسینگەیی |

| | |
|---|---|
| سەرپەرشتی | بەرێوەبەری گشتی – هاریکاری بەرێوەبەری گشتی ( بەپێی ئەو دەستهەلاتەی پێ راسپاردووە ) |
| چوارچێوەی سەرپەرشتیکردن | فەرمانبەرەکانی لەژێر سەرپەرشتی ( چاودێری ) |
| باری فەرمانبەری | میلاکی هەمیشەیی |
| شوێنی کار | کوچکی بەرێوەبەری گشتی |

[

| | |
|---|---|
| بروانامەی زانستی | • بەکالۆریۆس لە بواری پەروەردە یان بەرێوەبردن یان لە بسپۆریەکی هاوشێوەدا.<br>• ماستەر لە بواری پەروەردە یان بەرێوەبردن یان لە بسپۆریەکی هاوشێوەدا.<br>• دکتورا لە بواری پەروەردە یان بەرێوەبردن یان لە بسپۆریەکی هاوشێوەدا.<br>• بکالوریوس لە بواری کومەلناسی یان دەروونناسی یان لە بسپۆریەکی هاوشێوەدا.<br>• ماستەر لە بواری کومەلناسی یان دەروونناسی یان لە بسپۆریەکی هاوشێوەدا. |

| | |
|---|---|
| شارەزاییەکانی پێویست | کەمترنەبێت لە ( ٥ ) سال |

| خۆلەکانی مەشق و راهێنان | |
|---|---|
| ١ | هونەری گەیاندن و پەیوەندیکردن |
| ٢ | فشاری کار |
| ٣ | هونەری نووسینی نووسراو و راپۆرتەکان |
| ٤ | خۆ بەرێوەبردن و پێشخستن |
| ٥ | بەرێوەبردنی کات |

| | |
|---|---|
| ئارمانجی کار | بەرێوەبردنی هەموو چالاکییەکانی خانووی داینگەکان ، لەگەل ئـەوەش دا ئاراســـتەکردنی هەمـــوو کارەکـــانی یەکەیـــی و جێبـــەجێکردنی ڕێسایەکانی ناوخۆیی داینگە . |

| ژ | تووانا و کاراماییەکانی پێویست |
|---|---|
| ١ | کارکردن بە بە گیانی یەک گرۆپی |
| ٢ | توانەکانی پلاندانان و رێکخستن |
| ٣ | پەیوەندیکردن و تواناکانی پەیوەندیکردن |
| ٤ | بیرکردنەوەی تەندروست |
| ٥ | تواناکانی سەرکردایەتیکردن و بەرێوەبردن |
| ٦ | تواناکـانی هانـدان و ڕێنمایکـردنی کارمەنـدەکان و بـەهێزکردنی هاوکـاری و پێکـەوە کارکردن. |

| | |
|---|---|
| ٧ | بەهێزکردنی پیشەی کارمەندەکان و بەرەوپێشبردنی توانەکانیان |
| ٨ | ئاشنابون لە بواری یاسایی و یاسادانانەدا. |
| ٩ | ئاشنابوون بـە هەمـوو ئـامراز و رێکـار و ڕێسـایەکان ( پەیرەوەکـان ) پەیوەندیـدار لـە بواری کار دا |

| ژ | ئەرک و بەرپرسیاریەتی |
|---|---|
| ١ | • بەرێوەبردنی گرۆپ ( تیم ) و ئاراستەکردن و هەماهەنگی چالاکییەکانی رۆژانە لەم بەشە .<br>• دانان و جێب<br>• وجێکردنی ئامراز و رێکار و پێوەرەکانی کارکردن .<br>• دابەشکردنی کەرەستەکان بەشێوەیەکی کاریگەر و رێکخستنی خشتەی دەمکی و سەرەدان. |
| ٢ | چاودێری و بەرەوپێشچوون<br>• دلنیابوون لە دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و پالپشت بۆ منداڵان لە داینگەدا .<br>• چاودێریکردنی کوالیتی چاودێری و هەلسەنگاندنی بەرنامە و چالاکییەکانی پەروەردەیی.<br>• بەرەوپێشبردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پەروەردەیی و گەشەپێدانی گونجاو لەگەل پێداویستیەکانی منداڵان . |
| ٣ | پەیوەندیکردن و هاوکاریکردن<br>• پەیوەندیکردن لەگەل سەمیانەکان و پێشکەشکردنی زانیاری و رێنمایەکان بـۆ ئەوان .<br>• هاوکـاریکردن لـەگەل ئەنـدامی تـیم و بـەهێزکردنی کـاری بـە کـۆم و گیـانی |

| | |
|---|---|
| | ئەرێنی . |
| ٤ | بەدواداچوون و هەلسەنگاندن .<br>• بـەدواداچوونی بەرەوپێشـچوونی منـدالان و هەلسـەنگاندنی ئـەوان و پێشکەشکردنی رێنما و ئاراستەکان و پالپشتی پێویست .<br>• هەلسەنگاندنی بەرێوەچوونی تیم و دەستەبەرکردنی راهێنان و بەرەوپێشچوونی پێویست . |
| ٥ | سەرپەرشتیکردن لەسەر ژێرخانە.<br>• دلنیابوون لە توانای بەردەستبوون ( ئیمکانات ) و کەرەستەکانی پێویست بۆ داینگە.<br>• گرنگیدان بە چارەکردن و سەلامەتی و پاك و خاوێنی داینگە . |
| ٦ | سەرەدەریکردن لەگەل کێشە و گرفتەکان .<br>• سەرەدەریکردن لەگەل کێشەکانی رەفتاری یان تەندروستی یـان کومەلایـەتی بۆ مندالان و وەرگرتنی رێکارەکانی گونجاو .<br>• سەرەدەریکردن لەگەل هەر گرفتێکی رێکخسـتن یـان کـارکردن کـە رووبـەرووی داینگە دەبێت. |
| ٧ | هەلسەنگاندنەکانی خولی بۆ داینگەهـ و سازیەکانی فێرکردنی خێرا هـی منـدالان و باخچەکانی مندالان ئەنجام بدرێن بە گوێرەی چوارچێوەی هەلسەنگاندن و کوالیتی . |
| ٨ | پلاندانان و رێکخسـتنی ئۆپەراسـیونی چـاودێری و پشـکنینەکان لەسـەر داینگەکـانی حکومی و بـەدواداچوون جێبـەجێکردنیان ، بـۆ مسـوگەرکردنی پێگیربـوون بـە رێسـا و پەیرەو و ئامراز و کرداریەکانی فێرکاری و پەروەردەیی |
| ٩ | هوشیارکردنی دایکان بە رێگەی سازدانی ووركشوپەکانی کار و وانە و سمینارەکان . |

| | |
|---|---|
| ١٠ | بەرزکردنی ڕاپۆرتەکان بەشێوەیەکی خۆلی لەسەر ئاستی داینگەکان . |
| ١١ | بـــەهێزکردنی پەیوەنـــدی لـــەگەل هاوبەشـــەکانی نـــاوخویی و دەرەکـــی بـــۆ مسوگەرکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوازی بە گوێرەی باشترین پێوەرەکان . |
| ١٢ | دانـانی بەرنامـەکانی فێربـوونی بەردەوام و بەرەوپێشـبردن و راهێنانـەکان بـەهێز دەکات و گرۆپەکانی کار هاندەدەت بۆ مسوگەرکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە بەرزترین ئاست و کوالیتی . |
| ١٣ | ئامـادەکردنی سیسـتەمێکی رێکـو پێـک بـۆ بـەرێوەبردنی رێکارەکـانی مـوولەتی داینگەکان بە پێی رێسا و پەیرەوەکانی پەسەندکراو . |
| ١٤ | بـەدواداچوون و جێبـەجێکردنی سـزادان و پێبـژاردن ( غرامـات ) لەسـەر داینگەکـانی سـەرپێچکار و مسـوگەرکردنی نەهـێلانی ئـەوان بـەگوێرەی راپۆرتـەکانی چـاودێری پەروەردەیی . |
| ١٥ | شـیکارکردن و خوێنـدنی ڕاپۆرتـەکانی دایـنگە و دارشـتنی پلانـەکانی راسـتکردنەوە و باشترکردن. |

| | |
|---|---|
| پلەی فەرمانبەری بە پێی پێکهاتەی رێکخراوەیی | هۆبەی پێدانی موولەت |
| ناولێکردنی فەرمانبەری (کار) | بەرپرسی هۆبەی پێدانی موولەت |
| ناونیشانەکانی کاری داخوازکراو هی بێکار بۆ پرکردنەوە | لێکولەری کومەلایەتی _ لێکولەری کومەلایەتی پێشکەوتوو ـ ماموستای دووەم ـ ماموستای یەکەم ـ ماموستای پێشکەوتوو. |
| ژینگەی کار | نووسینگە – مەیدانی |

## بەرپرسی هۆبەی پێدانی مۆڵەت :

| | |
|---|---|
| سەرپەرشتیکردن | بەڕێوەبەری گشتی ـ هاریکاری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری تەکنیکی ( بە پێی دەستهەڵاتی پێ ڕاسپاردووە ) |
| چوارچێوەی سەرپەرشتیکردن | فەرمانبەرەکانی لە ژێر سەرپەرشتیکردن |
| باری فەرمانبەرایەتی | میلاکی هەمیشەیی |
| شوێنی کار | کۆچکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی |

| | |
|---|---|
| بڕوانامەی زانستی | • بکالوریوس لە بواری پەروەردە و کارگێری یان هەر پسپۆریەکی هاوشێوە .<br>• ماستەر لە بواری پەروەردە و کارگێری یان هەر پسپۆریەکی هاوشێوە .<br>• دکتورا لە بواری پەروەردە و کارگێری یان هەر پسپۆریەکی هاوشێوە<br>• بکالوریوس لە بواری کومەلناسی یان دەروونناسی یان هەر پسپۆریەکی هاوشێوە<br>• ماستەر لە بوارێ کومەلناسی یان دەروونناسی یان هەر پسپۆریەکی هاوشێوە |
| توانا و شارەزایەکانی پێویست | کەمتر نەبێت لە ٥ سال |

| | |
|---|---|
| ئارمانجی کار | مسوگەرکردنی کوالیتی و سەلامەتی ئەو خزمەتگوزاریانەی داینگە پێشکێشی منـدالان دەکەن و جێبەجیکردنی رێسا و پێوەرەکانی رێکخستن بۆ کارەکانیان. |

# ئەرک و بەرپرسیاریەتی

| | |
|---|---|
| ١ | خوێندنی داواکاریەکانی کردنەوەی داینگەکانی نوێ یان فراوانکردنەوەی داینگەکانی ئاوەدانکراو. |
| ٢ | پێشوازی وەرگرتن و پشکنینی داواکاریەکانی کردنەوەی داینگەکانی نوێ. |
| ٣ | دلنیابوون لە بەجێهێنانی داینگە بۆ هەموو مەرجەکانی ماددی و رێسایەکانی رێکخستنی ( بە پێی سیستەمی داینگەکان ). |
| ٤ | دلنیابوون لە هەبوونی بینایە کە هەمو مەرجەکانی هونەری و تەندروستی تێدا هەبێت ، وە باخچە و گورەپانی گونجاو و پێداویستیەکانی رووبەری و کەرەستە و ئاراستەکان بەخویەوە بگرێت. |
| ٥ | دلنیابوون لە هەبوونی کادری مرۆڤی ( هێزی کار) پەروەردەیی و کارگێریەکانی ئامادەکراو ( بەپێی سیستەمی داینگەکان ) |
| ٦ | ئەنجامدانی سەدانەکانی مەیدانی بۆ دلنیابوون لە ئامادەباشیەکانی داینگە. |
| ٧ | خوێندنەوەی دۆسیەی داخوازکردن و دەرخستنی رەزامەندیەکانی پێویست بۆ کردنەوەی داینگەکانی نوێ. |
| ٨ | بەدواداچوونی جێبەجێکردنی مەرجەکانی پێدانی موولەت و رەزامەندبوون . |
| ٩ | دلنیابوون لە بەجێهێنانی پێوەر و مەرجەکانی رێکخستی بۆ کردنەوەی داینگەکان. |
| ١٠ | پێدانی موولەتەکانی کاری هی سالانە بۆ داینگەکانی ئاوەدانکراو. |
| ١١ | پێشوازیکردنی داواکاریەکانی نوێکردنەوەی موولەتەکان لە داینگەکان . |
| ١٢ | دلنیابوون لە جێبەجێکردنی داینگە بۆ مەرجەکانی کار. |
| ١٣ | پێگیریکردن بە پێوەرەکانی پەروەردەیی و تەندروستی و ئاسایش. |
| ١٤ | دلنیابوون لە بەردەوامی هەبوون و دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ماددی |

| | |
|---|---|
| ١٥ | دەرخستنی بڕیارەکانی نوێکردنەوەی پێدانی موولەت بۆ داینگەکانی پێگیر . |
| ١٦ | ڕەتکردنی نوێکردنەوەی پێدانی موولەت بۆ داینگەکانی سەرپێچکار ( بە پێی سیستەمی داینگەکان ) |
| ١٧ | هەماهەنگیکرن دگەل لایەنێن پەیوەندیدار وەک پەروەردە و تەندروستی |
| ١٨ | دیارکردنی کرێی وەرگرتن لە مالی داینگەکان . |

## بەرپرسی هۆبەی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن

| | |
|---|---|
| پلەی فەرمانبەری  بەپێی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی | هۆبەی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن |
| ناولێکردنی فەرمانبەری  (کار) | بەرپرسی  هۆبەی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن |
| ناونیشانەکانی کاری داخوازکراوی بێکار بۆ پرکردنەوە | لێکولەری کومەلایەتی ، لێکولەری کومەلایەتی پێشکەوتوو ، ماموستای دووەم ، ماموستای یەکەم ، ماموستای پێشکەوتوو. |
| ژینگەی کار | نووسینگەیی _ مەیدانی |

| | |
|---|---|
| سەرپەرشتی | بەرێوەبەری گشتی ـ هاریکاری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروبارەکانی هونەری ( تەکنیکی ) بەپێی دەستهەلاتەکانی پێدراوە ) |
| چوارچێوەی سەرپەرشتیکردن | فەرمانبەرەکانی  لەژێر سەرپەرشتیکردن (چاودێری) |
| باری فەرمانبەری | میلاکی هەمیشەیی |
| شوێنی کار | کوچکی بەرێوەبەرایەتی  گشتی |

| | |
|---|---|
| بڕوانامەی زانستی | • بەکالۆریۆس لە بواری پەروەردە یان بەڕێوەبردن یان لە پسپۆریەکی هاوشێوەدا.<br>• ماستر لە بواری پەروەردە یان بەڕێوەبردن یان لە پسپۆریەکی هاوشێوەدا<br>• بکالوریوس لە بواری کومەلناسی یان دەروونناسی یان لە پسپۆریەکی هاوشێوەدا.<br>• ماستەر لە بواری کومەلناسی یان دەروونناسی یان لە پسپۆریەکی هاوشێوەدا. |
| شارەزایی پێویست | کەمترنەبێت لە ( ٥ ) سال |

| ژ | ئەرک و بەرپرسیاریەتی |
|---|---|
| ا | سەرپەرشتیکردن و سەردانەکانی مەیدانی<br>• ئەنجامدانی سەردانەکانی مەیدانی بۆ هەمی داینگەکانی موولەتدار .<br>• دلنیابوون لە پێگیربوونی داینگەکان بە مەرج و پێوەرەکانی دیاریکراو .<br>• دلنیابوون لە دابینکردنی ژێرخانەی گونجاو و پێوەرەکانی تەندروستی و سەلامەتی.<br>• چاودێری جێبەجێکردنی ڕێسا و ڕێنمایەکانی ڕێکخستنی .<br>• چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پەروەردەیی و ئەو چالاکیەکانەی بۆ مندالان پێشکێش دەکرێن .<br>• هەلسەنگاندنی ئاست و کوالیتی ئەو خزمەتگوزاریە پەروەردەیانەی کە داینگە پێشکەش دەکات .<br>• هەلسەنگاندنی ڕێژەی دامەزراندن و تواناکانی کارمەندی کارکەر .<br>• ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان دوکیومنتکراو لەسەر ئەنجامەکانی سەردان و |

| | |
|---|---|
| | تێبینیەکان .<br>• دەرخستنی هوشداری و ئاگادارکردنی داینگەکانی سەرپێچکار .<br>• پێشنیارکردنی راوەستاندن و داخستنی ئەو داینگەیانەی کە بەردەوامن لەسەر سەرپێچیەکان. |
| ٢ | پێشوازی و وەرگرتنی سکالا و گازندەکان<br>• کردنەوەی رێگەکانی پەیوەندیکردن بۆ وەرگرتنی سکالاکانی سەمیانەکان و لایەنەکانی پەیوەندیدار .<br>• کردنەوەی دوسیەیەک بۆ هەر سکالایەک و لێکۆلینەوە بۆ حالەتەکانی راپۆرتکراو بکرێت.<br>• خوێندنەوەی سکالا و لێکولینەوە لە حالەتەکانی راپۆرتکراو.<br>• بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشە و سەرپێچیکراوەکان .<br>• دەرخستنی پێشنیاز و وەرگرتنی رێکارەکانی پێویست. |
| ٣ | هەلسەنگاندنی خۆلی بۆ کار و ئاستی بەرێوەبردن<br>• دانانی رێنیشاندەرەکانی بەرێوەبردن بۆ هەلسەنگاندنی بەرێوەبردنی داینگەکانە وەک : رێژەی پێگیری ، ئاست و کوالیتی خزمەتگوزاری ، رازیبوونی سەمیانەکان.<br>• ئامادەکردنی راپۆرتەکانی خۆلی لەسەر ئاستی بەرێوەبردنی داینگەکان .<br>• دەستنیشانکردنی خالەکانی بەهێز و لاواز لە بەرێوەبردنی داینگەکان دا .<br>• پێشکەشکردنی پێشنیارەکان بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی بەرێوەبردنی داینگەکان . |

| | |
|---|---|
| راهێنان و ئامادەکردن<br>• رێکخستنی بەرنامەکانی راهینان بۆ کارمەندەکانی لە داینگەکاندا کار دەکەن<br>• بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی و شارەزایی لە بوارەکانی پەروەردە و کارگێری دا .<br>• بلاوکردنەوەی هوشیاری بەباشترین کردارەکانی لە بواری چاودێری مندالان.<br>• بەدواداچوونی پێشکەوتنی مندالان و هەلسەنگاندنی بەرەوپێشـچوونیان و پێشکەشکردنی ئاراستە و رێنمایەکان و پالپشتی پێویست بۆ بکرێت. | ٤ |
| هەماهەنگی و هاوکاری<br>• هەماهەنگی لەگەل هوبەی پێدانی موولەت دەربارەی سەرپێچیەکان.<br>• هاوکاری لەگەل لایەنەکانی چاودێریکردنی پەیوەندیدار ( تەندروست و ژینگە<br>• هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی پەروەردە.<br>• بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسا و یاسادانەکانی پەیوەندی بە داینگەکانەوە هەیە.<br>• پەیوەندیکردن لەگەل سەمیانەکان و پێشکەشکردنی زانیاری و رێنمایەکان. | ٥ |
| دانانی ئامراز و پێوەرەکانی رێکخستن بۆ کاری داینگەکان<br>• ئامادەکردنی رێسا و رێنمایەکانی رێکخستنی بۆ داینگەکانی مندالان.<br>• پێداچوونەوە و نوێکردنی پێوەرەکان لەسەر بنیاتی پێشهاتەکان.<br>• دەرخستنی رێنیشاندەرەیەکی رێبەری بۆ داینگەکان. | ٦ |

مالی داینگە :

| | |
|---|---|
| پلەی فەرمانبەری بەپێی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی | مالی داینگە |
| ناولێکردنی فەرمانبەری (کار) | بەرپرسی داینگە |
| ناونیشانەکانی کاری داخوازکراوی بێکار بۆ پڕکردنەوە | لێکـولەری جڤـاکی ، لێکـولەری کومەلایـەتی پێشکەوتوو ، ماموسـتای دووەم ، ماموسـتای یەکەم ، ماموستای پێشکەوتوو. |
| ژینگەی کار | نووسینگەیی |

| | |
|---|---|
| سەرپەرشتی | سەرۆکی بەشی داینگەکان |
| چوارچێوەی سەرپەرشتیکردن | فەرمانبەرەکانی لەژێر سەرپەرشتیکردن (چاودێری ) |
| باری فەرمانبەری | میلاکی هەمیشەیی |
| شوێنی کار | مالی داینگە |

| | |
|---|---|
| ئارمانجی گشتی | بنیاتنــانی بنــاغەیەکی بــەهێز بــۆ بەرەوپێشــبردنی منــدالان و ئامادەکردنیان بـۆ بەشـداریکردن لـە فێرکـردن و پەروەردەکـردنێکی قورستر لە قوناغەکانی داهاتوی ژیانیان دا. |

| | |
|---|---|
| | کارامەیی ( شارەزایی ) تواناکانی پێویست |
| ا | کارامەییەکانی کارگێری<br>کارامەییەکانی بـەرێوەبردنێکی بـەهێز و تواناکـانی پلانـدانان و ڕێکخسـتن ، هـەروەها هەمـاهەنگی و چـاودێری و هەلسـەنگاندنی ئوپەراسـیونەکانی رۆژانە ، تواناکـانی وەرگرتنـی بریارەکـانی کـاریگەر و بـەرێوەبردنی داهاتـەکانی دارایـی و مرۆڤـی بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر. |

| | |
|---|---|
| ٢ | **كارامەييەكانی پەیوەندیكردن**<br>كارامەييەكانی پەیوەندیكردنێكی كاریگەر لـەگەل منـدال و سـەمیان و كارمەنـدەكان و لایەنـەكانی دەرەكـی ، تواناكـانی پەیوەنـدیكردن بەشـێوەكی بـەرچاو و كـاریگەر ، گوێگرتنێكی باش و پەیوەندیەكانی نەراستەوخو لە كاتی پێویست. |
| ٣ | **زانیاری پەروەردەیی**<br>تێگەیشتنێكی قوول بۆ بەرەوپێشچوونەكانی پەروەردەیی و شـێوازەكانی فێركـردنی هاوچەرخ وزانیاریەكانی لەسـەر بنەمـای ئاراسـتەكردن و پێوەرەكـانی پەروەردەیـی و كردارەكانی باشترین ئاست لە بواری پەروەردەی خێرا دا . |
| ٤ | **كارامەی لەبواری بەرێوەبردنی رەفتاری**<br>شـارەزای لـە بـواری بـەرێوەبردنی رەفتـاری و سـەرەدەری لـەگەل قەبخوازیـەكانی رەفتاری لە لایـەن منـدالان و جێبـەجێكردنی ئیسـتراتیژیەكانی بـەرێوەبردنی رەفتـاری ئەرێنی و چارەسەركردنی كێشەكان بەشێوەكی كاریگەر . |
| ٥ | **كاراماییەكانی شیكردنەوە و چارەسەری**<br>تواناكانی شیكردنەوەی كێشەكان و سەرەدەریكردن بەشێوەیەكی كاریگەر و تواناكانی دەستنیشـانكردنی كێشـەكان و شـیكاركردنەوەی قـوول بـۆ زانیاریـەكان و وەرگرتنـی بریارەكانی گونجاو و جێبەجێكردنیان. |
| ٦ | **كاراماییەكان ئاوەدانكردنەوەی پەیوەندیەكان**<br>كارامەييەكانی بـەهێز لـە ئاوەدانكردنـەوە پەیوەندیـەكان لـەگەل منـدال و سـەمیان ، كارمەندەكان و لایەنەكانی دەرەكی ، تواناكانی پەیوەندیكردن بە شێوەیەكی ئەرێنی و سەرەدەری لەگەل گرفتەكان . |
| ٧ | **كاراماییەكانی سەركردایەتی**<br>كارامەييـەكانی سـەركردایەتیەكانی بـەهێز و تواناكـانی بـەكارهێنانی شـێوازەكانی سەركردایەتی كاریگەر  و هاندان و تواناندنی گرۆپی كار . |
| ٨ | **زانیاری لەسەر سەلامەتی و تەندروستی**<br>زانیاریەكانی گشتگیر بە پێداویستیەكانی سەلامەتی و تەندروستی لە ژینگەی داینگەدا ، تواناكانی جێبەجێكردنی رێكارەكانی سەلامەتی و پاراستنی ژینگەیەكی ئارام بۆ مندال و كارمەندەكان . |

| | |
|---|---|
| ٩ | **نەرم و نیانی و خۆگونجاندن**<br>تواناکانی سەرەدەریکردن لەگەل گۆرانکاری و قەبخوازیەکانی بەردەوام و تواناکانی خۆ گونجاندن لەگەل پێداویستیەکانی منداڵ و مالباتەکان و گۆرانکاریەکانی یاسا و رێسایەکانی پەیوەندی بە داینگە هەیە. |
| ١٠ | **کارامەییەکانی پلاندانان و رێکخستن**<br>تواناکانی دانان و دارشتنی پلانەکانی ئیستراتیژی بۆ گەیشتن بەئارمانجەکانی داینگە و رێکخستنی چالاکی و بەرنامەکان بەشێوەیەکی کاریگەر ، تواناکانی دەستنیشانکردنی داهاتەکانی پێویست و دابەشکردنیان بەشێوەکی گونجاو پلانکردنی خشتەکانی دەمکی ( پێش وەخت ) . |
| ١١ | **شارەزایی لە یاسا و رێسایەکاندا**<br>تێگەیشتنی قوول لە یاسا و رێسایەکانی پەیوەندی بە بواری چاودێری منداڵان و فێرکردنی خێرا و هەبوونی زانیاریەکان لەسەر پێوەرەکانی یاسایی و رەوشتی و رێسایەکانی تەندروستی و سەلامەتی و مسوگەرکردنی پێگیری. |
| ١٢ | **کارامەیی لە دامەزراندن و راهێنان**<br>شارەزایی لە هەلبژارتن و دامەزراندنی کارمەندەکانی لێهاتوو و مەشقکردن لەسەر دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانی راهێنانی و رێکخستنی بەرنامەکانی راهێنەری بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی کارمەندەکان و بەهێزکردنی ئاستەکەیان . |
| ١٣ | **کارامەییەکانی دارایی و بودجەی**<br>تێگەیشتنێکی باشی بنەمایەکانی دارایی و شارەزایی لە کارگێری بۆدجەیی و تواناکانی ئامادەکردن و چاودێریکردنی بۆدجە و بەرێوەبردنی خەرجی و داهاتەکان بەشێوەیەکی کاریگەر . |
| ١٤ | **شارەزاییەکانی تەکنولوژی**<br>شارەزایی لە بەکارهێنانی تەکنولوژیایی و لە کاری داینگە دا ، وە تواناکانی بەکارهێنانی بەرنامە و جێبەجێکردنەکانی گرنگ بۆ بەرێوەبردنی داینگە و پەیوەندیکردن لەگەل مالباتەکان و بەهێزکردنی فێربوونی ئەلیکترونی ئەگەر بخوازێت . |

| ئەرك و بەرپرسياريەتى | |
| --- | --- |
| **بەرێوەبردنی ئوپەراسیونەکانی ڕۆژانە**<br>بەرێوەبردنی هەموو ئوپەراسیونەکانی ڕۆژانە لە داینگەدا . مسوگەرکردنی زنجیرەی دابینکـردن و کـارکردنی کـاریگەر لەگـەڵ خشـتەی چالاکیـەکانی ڕۆژانە و چـاودێری تەندروستی و ڕێکخستنی ژەمەکانی کار و چالاکیەکانی پەروەردەیی . | ١ |
| **بەرەوپێشبردنی ئامراز و پێرابونەکان (ڕێکارەکان )**<br>بەرپرس هەلدەستێت بە دانانی ئامراز و ڕێکارەکانی ڕۆن و بەرچاو بۆ کـارکردنی مـالی داینگە و مسوگەرکردنی دابینکردنی ئامرازەکانی سەلامەتی و پاراستن و تەندروستی و پاکژی و پەروەردەیی و بـەرێوەبردنی ناکوکیـەکان و پەیوەنـدیان لـەگەل هەنـدێک ئامرازی تر هی کارگێری . | ٢ |
| **دامەزراندن و راهێنان**<br>دامەزراندنی ماموستا و کارمەندەکانی تر کە شارەزا و لێهاتوون لـە کـاری داینگـەدا . بەرپرس هەلدەستێت بە ئاراستەکردن و راهێنان و هەلسـەنگاندنی ئاسـتی ئـەوان بـۆ مسوگەرکردنی پێشکەشکردنی بەرزترین ئاست لە چاودێری و فێرکردنی منداڵان . | ٣ |
| **پەیوەندیکردن لەگەل سەمیانەکان**<br>پەیوەندیکردن لەگەل سەمیانەکان و پێشکەشکردنی زانیاریان و نوێکردنەوەی خـۆلی بۆ سەمیانەکان دەربارەی پێشکەوتنی منداڵان و چالاکیەکان رووداوەکـانی داهـاتوو لە داینگەدا . بەرسـڤی پرسـیارو مەترسـیەکانی دەدەت و لەسـەر ئاوەدانکردنـەوەی پەیوەندیەکانی هاوکاری کار دەکات. | ٤ |
| **بەرێوەبردنی داهات و سەرچاوەکانی دارایی**<br>چوارچێوەی بۆدجە دادەنێت و کونترولی بۆدجە دەکات و بـەدواداچوونی خەرجیـەکان دەکات و بەکارهێنانی داهاتەکانی دارایی مسوگەر دەکات بەشێوەیەکی کاریگەر بـە گوێرەی پێداویستی و پێویستیەکان. | ٥ |
| **چاودێریکردن و هەلسەنگاندن**<br>چاودێریکردن و هەلسەنگاندنی ئاست و کـوالیتی چـاودێری و ئـەو پەروەردەیـەی لـە مالــەکانی داینگــەدا پێشــکێش دەکــرێن . بــەدواداچوونی پێشــکەوتن دەکــات و هەلســەنگاندنی ئاسـتی ماموسـتا و کارمەنــدەکان دەکـات و کـار دەکەت لەســەر باشترکردنی پروسەی پەروەردەیی و ڕێکخراوەیی . | ٦ |

| | |
|---|---|
| ٧ | **ڕێکخستنی چالاکی و بەرنامەکان**<br>ڕێکخستنی چالاکی و بەرنامەکانی پەروەردەیی و خوشگوزەرانی لە مالەکانی داینگەدا ، کار دەکات لەسەر پێشخستنی خشتەکانی دەمکی بۆ چالاکی و هەلکەوت و بیرەوەریەکان ئەوانەی فێربوون و کارلێکردن و خوشگوزەرانی مندالان پێشدەخات. |
| ٨ | **پێشخستنی بەرنامەکانی پەروەردەیی ( فێرکاری )**<br>پێشخستنی بەرنامەکانی پەروەردەیی ( فێرکاری ) گونجاو کە پێداویستە جورا و جورەکانی مندالان دەستەبەردەکات ، بە هاوکاری لەگەل تیمی فێرکاری بۆ نەخشەسازی پلانەکانی خوێندن و کەرەستەکانی پەروەردەی گونجاو ، و مسوگەرکردنی جێبەجێکردنیان بەشێوەیەکی کاریگەر . |
| ٩ | **پێشخستنی رەفتاری ئەرێنی**<br>بنیاتنانی ژینگەیەکی ئەرێنی و پالپشت لە داینگە دا ، کە رەفتارەکانی ئەرێنی لە لایەن مندال و ماموستایەکان بەهێز دەکات و ئیستراتیژیەکانی بەرێوەبردنی رەفتاری جێبەجێدەکان و پشتەوانی کاریگەری کومەلایەتی و هاوکاری و چارەسەری کێشەکان دەکات . |
| ١٠ | **گرنگیدان بە سەلامەتی و پاراستن**<br>مسوگەرکردنی سەلامەتی مندال و کارمەندەکانی داینگە . دابینکردنی رێکارەکانی سەلامەتی گونجاو مسوگەر دەکات ،وەک رێکارەکانی چولکردن و چاودێری و دلنیابوون لە سەلامەتی کەرەستە و پێداویستیەکان . |

# بەڵێننامە بۆ خاوەن داینگەکانی تایبەت

من هاولاتی ............................................... خاوەنی / نێ داینگە ...................................

دەرچووی /یێ ..........................دانشتوی / یێ ...............................

بەڵێن دەدەم پێگیر بم بە هـەموو یاسا و رێـنما و مەرجـەکانی کردنـەوەی داینگـەکانی تایبەت , بە پێچەوانەی ئەم چەندە بەرپرسیارم بەرانبەر هەر پێرابوونێکی یاسایی .

مەبەسـت لـە کردنـەوەی داینگـە ، پێویسـتە لەسـەر داینگـە کـە رێخوشـکەر بێـت بـۆ گەشەکردنی مندال لە روویی جەستەیی وپاراستنی دەروونی لە هەر ئازارێـك ، هـەروەها ئـاوەدانکردن و بـەهێزکردنی رەفتاریـان بـە رێگـەی نـوێترین بەرنامـەکانی پـەروەردەیی و فێرکردن و کومەلایەنی.

مـــــەرجەکانی کردنەوەی داینگە :

١- پێویستە ناوی داینگە بە زمانی کوردی بێت و تابلوی داینگەش بە کـوردی دابنرێـت کـە پێچەوانە نـەبێت لەگـەل داب و نـەریت و رەوشـتی کومـەلگای کـوردەواری ، وە بـە بـێ ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی ئێمە ، نابێت ناو و شوێنی داینگە بگورێت .

٢- دەستەی داینگە پێك هاتبێت لە بەرێوەبەرێکی ژن کە مەرج نییە دەستویری بـە نـاوی ئەو بێت ، لێکولـەری (کومەلایـەتی یـان دەروونی) هـەبێت ، ماموسـتا ، دادوك بـە پێـی رێنمایەکان وەربگرێت ، پەرستیار مەرجـە دەرچـووی پەیمانگەیـەکی تەندروسـتی بێـت ، گرێبەست لەگەل پزیشکێکی مندالان بکرێت ، کادری خزمەتگوزاری.

٣- مەرجە پشکنینی تەندروستی بـو گشـت دەسـتەك ( سـتاف ) بکـات ، هـەر شـەش مانـگ دووبارە بکرێت ، هەروەها بو هەر مندالێکی لە داینگە وەردەگرێت .

٤- هەر فەرمانبەرێکی لە داینگە کار دەکات ، پێویستە گرێبەستی کار هەبێت و دانەیەك لە گرێبەستەکە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی رەوانە بکرێت .

٥- مەرجـە کارمەنـدەکانی داینگـە لـە پـێش دەسـتبەکاربوون ، بـەپێی رێنمایـەکان دەبێـت بەشداری لە خولێك دا بکات .

٦- لە سەرەتای کاری داینگە بو هەر مندالێك مانگانە کوژمی (١٠٠’٠٠٠) سەد هەزار دینار لە سەمیانەکان وەردەگرێت. وە دوای بەدواداچوون لیژنەی تایبەت زیاد کردن یان کەمکردن دەکرێت، وە بە پسولە بێتە وەربگرێت.

٧- مـاوەی دەوام لـە دەمژمێـر (٧’٣٠) حـەوت و نیـو دەسـتپێدەکات و تـا (٣) سـێی دوای نیوەرۆ کوتایی دێت ، ئەگەر پێویسـت بـوو بـەپێی بەرژەوەنـدي منـدال و خێزانـەکانی ، داینگە دەتوانێت کاتی دەوام زیاتر بکات ( دوای رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی ).

٨- پروگرامێك هەبێت کە گشت چالاکی تێدا دیاری بکرێن و پێویستە مانگانە ئەم چالاکیە بـۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی رەوانە بکرێن .

٩- خارنا زاروكان ل سپێدێ و نیڤرو دڤێت ب خشتێ هەڤپێچ و مەرجێن پشکا خو پاراستنا ساخلەمیێ بن ل رێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا دهوکێ و لدیف پێدڤیا زاروکا بیت .

١٠- پێویستە بو (٦) مندالانی کەمتر لە ١ سالی یەك ( دادوك ) ، بو هەر (٨) مندالانی لە تەمەنی (٢-٣) سالی یەك ( دادوك ) ، بو هەر (١٠) مندالانی لە تەمەنی (٣-٤) سالی یەك ( دادوك ) هەبێت.

١١- ئەگەر داینگە پێگیر نەبیت بە یاساو رێنما و بەڵێننامە دواى پێدانی مووڵەت ، ئاگادار دەکرێتەوە و پێرابونەکانی یاسایی لەگەل دەکرێت و مافی هەلوەشاندنی مووڵەتی داینگەش هەیە .

١٢- هەر داینگەیەکی دەست لە کارێ خوی بەربدات یان لە جێگای خوی بگوازرێتەوە ، پێویستە پێشتر بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاگادار بکرێت .

١٣- لەسەر داینگە پێویستە تومار و فورمی توما هەبن بو مندال و دەستەکی داینگەش وەك : توماری هاتن و دەرچوون ، توماری سەردان ، توماری تەندروستی ، هەروەها بادەك بو هەر فەرمانبەرێك هەبێت تێدا باوەرنامە و کارتی تەندروستی ، گرێبەستی کار و وێنە و کارتی نیشتیمانی ، هەروەها بو هەر مندالێکیش بە هەمان شێوە.

لە لایەن بینایەکە :

١. پێویستە خانوو بە گوێرەی ڕێنمایەکان دابین بکرێت و هەموو مەرجەکانی هونەری و تەندروستی تێدا هەبێت وەك :

